

غیاسەدین نەقشبەندی
bazoft2001@yahoo.com.au
Www.Kurdishthinktank.org

# شۆڕش و دارلاستیک

## هەنگاوێک بەرەو ریفۆرم:

**شۆڕشەکان تا بەو رۆژە گەیشتوون کە خەباتیان لەپێناوداکردووە، بەقۆناغی جیاوازدا تێپەڕیون، ئەگەرچی لەوانەیە بارودۆخی هیچ شۆڕشێکیش وەک ئەوەیتر نەبووبێت. پەیڤی شۆڕشیش لە چەمکی رەتکردنەوەدا خۆی نواندووە و لە هەر کوێ ستەم ئەستوربووبێت، شۆڕش بە نوێنەرایەتی وشە ی (نا) خۆی نواندووە و لەسەر بنەمای 'کردار و دژەکردار' کاریکردووە، "هەر کردارێک دژەکردارێکی هەیە، بەهەمان هێز بە م بە رووگەی پێچەوانەوە". هەتا ستەمەکە ئەستوورتربێت رەنگدانەوەی دڕتر دەبێت و هەتاکو زاڵمەکە دڕندانەتر بێت زوڵم لێکراوەکە دڕتر وە می دەداتەوە.**

شۆڕش وەک کۆنسێپت ئەوەیە کا حاڵی میللەتێک لە خراپەوە بەرەو باش و باشتر ببات، ئەگەر وا نەبێت، دەبێ ئێلەمێنتەکان (Element) و پراکتیزەی ئەو شۆڕشە بخرێنە ژێر پسیارو شەڕ لەپێناو راستکرنەوەیاندا بکرێت، گرنگیش نییە ئەو شەڕە چەند دەخایێنێ و چجۆرە قوربانیدانێکی دەوێ، لەپێناو ئەوەی میللەت

حکومەتێکی راست ودروست مسۆگەر بکات کە نوێنەرایەتی راستەقینەی بکات و میللەت بگەیێنێتە کەناری ئۆقرە بۆ ئەوەی ئامانجە مەزنەکانی بهێنێتەدی و بە میللەتانی تری پێشکەوتووی جیهان ڕابگەیێنێت.

**کە شۆڕشەکە سەری گرت وویستی میللەت بەرێگای حزبە خەباتگ ەکە هاتەدی، حزبەکە بەرامبەر بە دووڕیانێک دەبێت کە سێهەمیان نییە، یان ریفۆرم دەکات و خۆی دەگۆڕێ و ڕەوایەتی تەسلیمی میللەت دەکاتەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی بەتەندروستی بەڕێوەبچێت، یانیش دەکەوێتە سەر ڕێگایەکەی تر کە بریتیە لە دیکتاتۆریەتو هەمەگەری، کە کۆتاییەکەی لەناوچوونە، لەبەرئەوەی دەستە ت دەبێتە نوێنەری ستەم و میللەتان بەڕەوایەتیەوە دژایەتی هەمووجۆرە ستەمێک دەکەن و تەمەنەکەی کورتتر دەکەن.**

من ئەو دووڕیانە وەکو دارەکەی دارلاستیک یان تیپی (**Y**) ئینگلیزی دەبینم؛ کاتێ شۆڕش لە سەردەمی خەبات و تێکۆشاندایە، لەکلکەکەیە کە بەرەو هەوراز دەچێت وسەرکەوتنی شۆڕش ناوەندی دارلاستیکەکەیە و دەکەوێتە سەرەتای دووڕیانەکە کە یەکەمیان: تەسلیمکردنی ڕەوایەتیە بۆ میللەت و سەرلەنوێ هێزی هەبژاردنی نوێنەر بە میللەت بداتەوەو ئەوەی تر: دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریزمە Totalitarianism کە بەزەبر- زەبری هەرشتێک- حوکم دەکات، مەرج نییە چەک و ئاگر وئاسن بێت، بە م زۆربەی جار دەستە تدارەکە لەبەر توڕەبوونی میللەت ناچار دەبێت ئاگر و ئاسن وتۆقاندن بەکاربێنێ، کە لەئەنجامدا روخانی مسۆگەرتر دەبێت.

### لاربوونی تەرازووی هاوکێشەکە

جەمسەرێکی هاوکێشەکە تاکەو جەمسەرەکەی تری دەستە تە، ئەو دوو جەمسەرە کۆمە گا پێکدێنن وهەریەکیان بەرامبەر بەوەی تر بەگوێرەی کۆنتراکتێکی ئیمزانەکراو، کۆمە ک ماف وئەرکی هەیە، ئەگەر هاتو جەمسەرێک لەوانە مافەکانی وەرگرت و نکۆڵی کرد لە ئەنجامدانی ئەرکەکان، لایەنەکەی تری هاوکێشەکە نامۆ دەبێت، بە م لەبەر ئەوەی دەستە ت دەتوانێ سزای تاکبدات، وتاک ناتوانێت سزای دەستە ت بدات، لاری دەکەوێتە هاوکێشەکە.

ئەگەر هاتو حکومەت نشوستی لەئەرکەکانی خۆی هێنا بەرامبەر بە تاک ، تاک لێی زوێردەبێت وپشتگیریی ناکات تەنانەت دژایەتیشیدەکات و دژایەتیی هەرشتێک دەکات کە پەیوەندیی بەدەستە تەوە هەبێت.

ئەرکی هەموو حکومەتێکی تازە دروستکردنی تاکە، دەبێ هەموو هەوڵ وتەقەلایێک بدات بۆ دروستکردنی تاکێکی صالح و هاوڵاتییێکی تەڤلی (منتمی) بۆ ئەوەی بتوانێت لە قۆناغەکانی پاش شۆڕش شوێنەواری شۆڕشگ ایەتی لەناو دامودەزگا و دامەزراوەدا نەه ن چونکی دامەزراو (Institution) لەگەڵ شۆڕشگەرایەتی ناگونجێ و لەیێک شوێندا کارناکەن، چونکی (أستثنائات) و چاوپۆشی پەیدا دەبن و یاسا لەسەر هەمووکەسێک وەکهەڤی پڕاکتیز ناکرێ، یاساش ئەگەر لەسەر هەموو تاکەکان وەکهەڤی پڕاکتیز نەبێت، کەواتە یاسا نییە و ئەگەر یاسا نەبێت، بێگومان دەبێتە ستەم، لەهەر شوێنێک ستەم پەیدا بوو ئەوە بێگومان دژایەتی ستەم دەکرێت و ناو و فۆڕمی دەگۆڕێ و دەبێتە خەباتی دژی ستەم، کە لە هەموو عورف و یاسا وئاینەکاندا ڕەوایەتیی هەیە، دژی ستەمیش بەگوێرەی چەندایەتی ستەمە و هەرچەند ستەمەکە توندتر بێت بەرپەرچدانەوەی تیژتردەبێت.

بنەمای وەرگرتنی هێزی دەستە ت میللەتە، بۆ ئەوەی بەناوی ئەو دەستە تە حوکم بکات، هەرکاتێ تاک هە ەیەک دەکات یان هەوڵبدات مەرجێکی ئەو کۆنتراکتە بەجێ نەهێنێت سیستم بەناوی هێزی میللەت سزای دەدات، سزاکەش دەگاتە راددەی ئیعدام و لێوەرگرتنەوەی سامان و هتد.. بە م ئەگەر دەستە ت نکۆڵی کرد لە وەدیهێنانی ئەرکەکانی بەرامبەر بەتاک، تاک ناتوانێت تۆڵەی خۆی لەسیستم وەرگرێ یانیش بەرپەرچی نادادیی بداتەوە، بۆیە لاسەنگی دەکەوێتە ناو هاوکێشەکەو تاکیش تووشی خزینەوە لەکۆمەڵ دەکات و گۆشەگیردەبێت ودوواتر یاخی و نامۆ دەبێت، ئەو نامۆییەشی دەبێتە مایەی ئەوەی هێزێکی ناوەکی تێکدەرانە لەناخی تاکدا پەیدا دەبێت، بۆ ئەوەی تۆڵەی شاراوە لەسیستم وەرگرێت، چونکە ناتوانێ بە ئاشکرایی تۆڵە لە سیستم وەرگرێت، لەبەرئەوەی تۆڵەی ئاشکرا لەسیستم لەوانەیە تووشی سزادانی بکات؛ بۆیەش دەبینین بەلای کەمەوە هەوڵدەدات ئەستووربوونی رقی خۆی بەشێوەیێکی شاراوە دەربڕێ بۆ ئەوەی نەختێک لە بارگرانییەکەی ناخی بەتاڵ بکاتەوە، ئەوەش بە فۆڕمی جیاوازەوە دەکرێت، لەوانەیە بە تۆڵە لە بەها و ئاکار ولەوانەیە بە تۆڵە لە تاکەکان بەجیاوازی وەرگرێت، بۆ نموونە: ئەگەر فەرمانبەرێت هەوڵدەدات بەشێوەیێک ناوی دائیرەکەی بزڕێنێ و کاروباری خە ک تێکدەدات و ببێتە کۆسپ لەبەردەمیان و لەوانەشە بەرتیل

وەرگرێ وگەندە ی بەرپابکات، نەک تەنها لەبەر سوودە ماددیەکەیە، بە کو بەقەدەر ئەو بۆ ناوزڕاندن و نشوستی هێنان بەسیسیتمەکەیە و ئەگەر کاربەدەست بێت و شتی لەدەست بێت لەوانەیە بە کڕینی خانووی گەورەو خۆ زەنگینکردنی بێسنوربێت بۆ ئەوەی تەعزیزی رقلێبوونەوەی خۆی بەو جیاوازیەکەی نمایشبکات.

کەسایەتی زاڵی وەکو "صدام" بەناخێکی نامۆوە هاتۆتە دەستە ت، لەبەر ئەوەی کاتیخۆی سیستمی کۆمە یەتی/سیاسی، بەهیچ جۆرێک رەحمی پێنەکردووەو ژیانەکەی هەر لەبەرپ ولەژێر پ بووە، بۆیە لەناهۆشیاریدا هەمیشە هێزێکی رق و کەربی شاراوە هەبوو تۆڵەی خۆی لە تاکەکان بەجیا ولە سیستمەکە دەکردەوە. ئەو کەسایەتیانەی کە لەشۆڕشە درێژخایەنەکاندا دەتوێنەوە بە ئاشکرایی ئەوە نیشاندەدەن کاتێ دوای سەرکەوتنی شۆڕش داوای قەرەبووی ماددی دەکەنەوە و دەخوازن خانووی گەورە دروستەکەن و عەردی بێ حساب داگیرکەن وپارەی خەیاڵی کۆبکەنەوە، کە ئەوانە لەبنەڕەتەوە بڕوایان بە شۆڕشەکە نەبووە و هەستدەکەن ئەو ماوەیە لەژیانیان بەفیڕۆ چووە ولێی پەشیمانن، بۆیە دەیانەوێ بەو شتە ماددیانە قەرەبوویبکەنەوە، بەوەش ئینتیحالی کەسایەتی بازرگان دەکەن چونکی جیاوازی نێوان بازرگان وخەباتکەر ئەوەیە کە دووەمیان بە گیلفانی بەتاڵ لەشۆڕشەکە دەردێت وهیچ سوودێکی ماددی ناکات، بەرامبەر بەمەش سەردانووەاندن وڕێزێکی زۆر لەمیللەتەوە وەردەگرن، بازرگانیش خەبات دەکات بە م تەنها بۆ باغە ی خۆی.

## ميكانيزمى پەيدابوونى حكومەت وجۆرەكانى

حکومەت بە ساکارترین چەمکەوە: ئەو رێکخراوەیە کە دەستە تی سیاسی لە یەکەیێکی سیاسی دا (Political Entity) بەڕێوەدەبات، واتە هێزی حوکم گ ان لە جڤاتێکی سیاسیداو ئەو ئامێرەیە کە لاشەی سیاسی(Political Body) لەناویدا دەستە ت بەرهەمدێنێ، حکومەت بەدەستە تێکی سیاسی وهێز، پاراستنی بەها وئاکار دەکات و چاودێری بەرژەوەندی گشتیی دەکات، هەروەها کۆنسێبتی 'گشتیەت' دەپارێزێ و چاودێری بەها وئاکاری گشتی و گەشەسەندنیان دەکات، حکومەت بۆی هەیە لەپێناو ئەو هەموو ئەرکە هێزی دەستە ت بەکاربێنێ وەک پۆلیس و لەشکر و..هتد.

گرنگیی هەبوونی حکومەت لەوەوە هاتووە کە خە ک/تاکەکان (Individual) بەمەبەستەوە دەیانەوێ بەهەڤڕا بژیێن بۆ ئەوەی کارەکانیان ئاسانتر ببن، حکومەتیش وەک رێکخەرێک کاری ئەو بەهەڤڕا ژیانە ڕێکبخات و ئاسایشی ئابووری، کەسایەتی، سڤیل وهەروەها ئاسایشی وڵاتەکەی بپارێزێ وباری کۆمە یەتیی تاکەکان وەکهەڤی بپارێزێ و هەوڵ لەپێناو گەشەکردن وبەختیاری گشت تاکەکان بدات.

دەستە ت و بەهێزی ڕەوایەتی و بەیاساییێکی کۆمە ە یاساییێکی یان کۆمە یەتی دەب نەه ت تاکی بەهێز، تاکی لاواز قوتبدات یاخود مافەکانی پێشێلبکات، لەبەر ئەوەی تەنها هێزە دەتوانێت بەڕ بڕیاری ئیداری وسیاسی بەناوی میللەت دەربکات و پەیمان ئیمزابکات و پەیوەندی دەرەوە ببەستێت، هەروەک بەسترانی پەیمانی ناوخۆ لە چەمکی (Social Contract) کۆنتراکتی کۆمە یەتی و رێکخستنی پەیوەندی نێوان تاک و دەستە ت وەک دوو جەمسەر بۆ هاوکێشەی کۆمەڵ/میللەت و بەڕێوەبردن و پاراستنی ئەو کۆنتراکتە بە هەرسێ دەستە تەکەیەوە: یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادپەروەری، وهەندێک کەس چوارەمین دەستە ت بە رۆژنامەگەری دادەنێن وەک چاودێرێک و ویژدانێکی زیندوو لەسەر دەستە ت.

ئازادی تاک لەوەدایە کە بە ویستی خۆی کرداری راست هە بژێرێت و ئەنجامی بدات، تەنانەت ئەگەر ئەو کردارە دژی ئازادیە کەسایەتیەکانی بێت، پابەندبوونی تاک بەو کارانە چەمکی "گشتیەت" فۆرمۆلە دەکات و دەیکاتە یاسای کۆمە یەتی لەژێر پرنسیپی کۆنتراکتی کۆمە یەتیدا و هەروەک هیگ بۆی دەچێت: بڵندترین پلەکانی ئازادی ئەوەیە کە تاک بەئیرادەی خۆی بەرپابوونی یاساکان هە بژێرێت. کاتێ تاکەکان ئەوە هە دەبژێرن، بڵندترین پلەکانی ئازادی وەدەستدێنن و بەوەش میللەتی هۆشیار پەیدادەبێت، کە بڵندترین ئاستی میللەتانە.

حکومەت ئەو دەستە تە سەروەرەیە کە هەموو تاکێک کەلەژێر سێبەری ئەو دەستە تەدا دەژی دەب بە هەبوونی ئەرێ بێت، بۆ ئەوەی ئەو کۆنتراکتە ئیمزانەکراوە نافیز بێت، بۆ ئەم مەبەستەش تەنها حکومەت بۆی هەیە وەک دەستە تێکی رەسمی ئۆفیشال هێز بەکاربێنێ بۆ ئەوەی یاساکان بچەسپێنێ. ئەوەی دەشیبینین ئەوەیە کە زۆر کەم حکومەتە پێشکەوتووەکان ئەو هێزە دژی میللەتی خۆیان بەکاردێنن چونکی تاکەکان بە

دڵخۆشیەوە ملکەچی یاساکانی دەبن، لەژێر پڕنسیپی (العام یقید الخاص) کە بەرژەوەندیی گشتی هات، دەبێ بەرژەوەندی کەس/تاک دوابخرێ.

لەچاخی ١٩ وچاخی ٢٠ گۆڕانکاریەکی زۆر بەسەر چەمک وشێوازی حکومەتدا هاتووە، کە لە زۆربەی وڵاتە ئۆروپیەکان و ئەمریکادا حوکمی ئۆلیگارکی(Oligarchy) حوکمی کەمینەیێکی بەختەوەر بە حوکمێکی فراوان گۆڕایەوەو نەمانی جیاوازی لە رەگەز و سێکس بە ئەلیمێنتێکی سەرەکی نەما بۆ حوکم کردن و زەنگین بوون.

دیدی سەرەکی کۆنسێرڤەتیستەکان بۆ چەمکی حکومەت دەرپۆشی نەهاتنی فەوزا و بێ یاساییە، وهەروەها ڕاگرتنی یاسا لەدژی ئەوکەسانەی کە ئەو(Order) ئۆردەرە تێکدەدەن یان هەوڵی نەهێشتنی دەدەن، کۆنسێرڤەکان هەوڵی مانەوەی بەهاو ئاکار دەدەن و رێز لە داب ونەریتی سیاسی دەگرن.

دیدی نوێی بۆ دەستە تە سیاسیەیەکان ئەوەیە: کاتێ تاک سەروەری خۆی بە حکومەت دەبەخشێت و بە هەموو حوکمەکانی ئەرێ دەبێت، تەنانەت حوکمی سزادانیش، بەرامبەر بەوەیە بەرژەوەندیی تاک بپارێزێت و بەشێوەیێکی دادپەروەرانە و یەکسان ئەو دەستە تە بەکاربێت.

یەکێک لە تیۆرە هەرە گرنگەکانی حکومەت لە دووسەد ساڵەی ڕابردوو دا، تیۆری کۆنتراکتی کۆمە یەتی بووە کە زۆربەی دیمۆکراسیە مۆدرنەکان و سۆشیالیستەکان سودیان لێی وەرگرتووە، هەروەها لیبرالیزمە هاوچەرخەکانی وەکو ئەمریکاش هەر لەژێر رۆشنایی ئەو تیۆرە کاریان کردووە، ئەو تیۆرەش بە تێروتەسە ی لەکتێبە بەناوبانگەکەی جان جاک رۆسۆ١٧١٢- ١٧٧٨ بە تێروتەسە ی باسکراوە؛ ( Social Contract): حکومەت لە لایەن خە کەوە دروستدەکرێت لەپێناو ویستە هاوبەشەکانی تاکەکان وەکو: ئاسایش و تەناهی و نەهێشتنی تاوان و سەلامەتی تاکەکان لە داگیرکردن و کارکنییە سروشتیەکان.

حکومەت بۆ خزمەتکردنی ویستەکانی تاک و بەدیهێنانی ئاواتەکانی لەناو فۆرمێکی مەقبوولدا بەمەرجێک کارنەکاتە سەر ویستی خە کی ترەوە یانیش زیانیان لێبدات، ئەوە بە ساکاری واتەکەیەوە، ساکارترین شێوازی کۆنتراکتی کۆمە یەتیە.

ئەگەر زۆربەی تاکەکان لەئازاردابن ئەوە کۆنتراکتەکە هەدەوەشێتەوە و فۆڕمی حکومەت و کاربەدەستانی دەگۆڕدرێ، بە م ئەگەر کەمینە ناڕەحەت بن، ئەوە رێگای تێدەچێت کە قەناعەت بە زۆرینە بێنی لەپێناو گۆڕانکاری باشتر و سوودلێوەرگرتنی ئەو کۆنتراکتە لەلایەن زۆرترین ژمارەی خە کەوە، "شایەنی باسە کە جۆن لۆک، تۆماس هۆبیز، جان جاک رۆسسو وتۆماس جیفەرسون فەیلەسوفە بەناوبانگەکانی کۆنتراکتی کۆمە یەتین کە بەناوی(*Contractarianism* ) کۆنتراکتاریانیزم ناوزەدە دەکرێن"[i].

لە دیرۆکە تۆمارکراوەکەی ژیاردا، حکومەت لە ئەنجامی ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤەکان هاتۆتەکایەوە، ئەوەی بە کۆنترینیان ناسراو بێ شەریعەتی حەمورابی بووە کە یەکەمین فۆرمی حکومتی بەخۆیە وە بینیوە، هەروەها تیۆکراسیەکانی رۆژهە تی ناڤین و دیمۆکراسیی ئەسیناو جمهوریەتی رۆمانی و ئیمپراتۆریەتی رۆماو فۆرمی دروستبوونی دەوڵەت لە چاخە ناوەندەکانی ئەوروپا. شێوازی حکومەتەکان لە ئەوروپا بێگومان مۆنارکی بوون واتە شانشێن، شۆڕشەکان، دیمۆکراسی، وڵاتپارێزی، "هەروەها بەشێکی چاخی ٢٠ رژێمە فاشیستەکان و کۆمۆنیستەکان سەریان هە دا. لەبەشەکانی تری دونیادا، وەکو ئەفریقاو 'رۆژهە تی ناڤین' زیاتر ئاین و خێ و عەشیرەت ئەلەمێنتی دروست بوونی حکومەت بوون، دوواتر گۆڕانکاریان بەسەردا هات لەکاتی تێکە بوونیان لەگەڵ خە کی تر و لەسەرەتای دروستبوونی ئیمپەراتۆریەکان"[ii].

کەواتە حکومەت پێداویستێکەو بێی ئەو ژیانی تاکەکان بەیەکەوە ناگوزەرێ و لەبەرئەوەی پێداویستێکە، گرنگیەکەشی لەوەدایە کە کارەکانی خۆی بەرێکوپێکی ئەنجامبدات، کەواتە حکومەت بەحوکمی ئەوکارانەی کە دەیکات گرنگی بەدەستەوە دێنێت وەک ئێلێمێنتێکی سەرەکی 'هۆی هەبوونی' ئەگەر هۆیەکانی هەبوونی نەمینن، مانەوەی نامێنێت، وەک هەرشتێکی تر ئەگەر هۆیەکانی هەبوونی نەمێنن نرخی شتەکەش نامێنێت. وەک خێزان وگشت پێکهاتەکانی ئەگەر هۆیەکانی کە لەبەریان خێزانمان دەوێت نەمینێ، ئەوە پێویس بەو خێزانە ناکات، نمونەکان زۆرن.هتد

حکومەتەکان بەجۆراوجۆر ناسراون، ناسینیشیان دەکەوێتە ژێر پرنسیپی دەرەنجامگەرایەتی کە لەئەنجامی کار و شێوازی حوکم نیشاندەدرێت و هەریەکە لە شێوازەکان ژێدەری تایبەتی بەخۆی هەیە کە شەرعیەتی لێ وەردەگرێت، بۆ نمونە:

- **ثیوکراسی:**

حکومەتی **ثیوکراسی (Theocracy)** ئەو حکومەتەیە کە هێزی خوداوەند بە سەروەرترین هێز دەناسێ و خۆی بە نوێنەری ئەو هێزە سەروەرە دادەنێت وخودا دەکاتە حاکمی ڕەها بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی سڤیل، بۆ ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو چەمکە هەیە کە یاسای ئاسمان دەبێ لە عەرد پراکتیزەبکرێت و لەسەربنەمای ئەوەی کە دەبێ سزادانی تاکەکانی ڤاری بە هێزێکی سەروەر ئەنجامبدرێت، وەکو حوکمی کەنیسە لە چاخەکانی بەر لە شۆڕشی ڕۆناکگەری 'رینیسانس'ی ئەوروپا و هەروەها دەوڵەتە ئاینییەکانی کە بە شەریعەت وکیتابی خۆدا حوکمی ژیانی سڤیل دەکەن، یانیش مەلەکیەتێکی کە بەئەمری هێزی سەروەر و بڵند حوکمی خەڵک دەکات.

ئەگەر حکومەتێکی ثیوکرات Theocrat بێت بەئەمری خودا ئەمر ونەهی دەکات وکەس بۆی نییە دەستکاری یان چاکسازی لەناو چەمکەکانیدا بکات، ئەو جۆرە حکومەتانەش هیچ ڕێگاییێک بە ئۆپۆزیسیۆن نادەن چونکە ئۆپۆزیسیۆن بە چەمکی دژ لەقەڵەمدەدەن ودژیش دەکاتە دژایەتی ئەمری خودا، کە ئەوەی دژی ئەمری خودابێت هەموومان دەزانین چۆن سزادەدرێت و سزادانەکەشی دەبێتە ئەرکێکی ئاینی کە خەڵک بۆ ئەنجامدانەکەی غاردەدەن ئەگەر فەتوای پێدەرهات.

لەوانەیە بکرێت حکومەتی ثیوکراسی تاکڕەو بێت و لەوانەشە حوکمی ڕەها لەدەست چەند کەسێک بێت کە بەئەمری خودا حوکمی جەماوەر دەکەن بەڵام بە هێزی نوێنەرایەتی ئەو ڕەهاییە. دژایەتی کردنی ئەو ڕەهایەتیە کارێکی ئاسان نییە لەبەر ئەوەی هەرکەسێ بە گوێرەی ویست و بۆچوونی حکومەتەکە نەجولێتەوە دژایەتی ئەمری خودا دەکات و ئەوەندەش چەمکی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتیمان پەروەر پوچەڵ دەکاتەوە.

- **ئۆلیگارکی:**

ئەگەر حکومەتێکی ئۆلیگارکی Oligarchy بێت، تەنها بەرژەوەندیی کۆمەڵێک کەس دەپارێزێت وئەگەر حکومەتی بازرگان بێت تەنها بەرژەوەندی ماددی دەبێتە ئامانجی گەورەی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئەندامەکانی و کێشە سەرەکیەکەی پشتگوێدەخات و خەمە سەرەکیەکەی دەبێتە کڕین وفرۆشتن و زەنگینکردنی ئەندامەکانی.

ئۆلیگاڕکی فۆرمێکی حکومەتە کە دەستەیەک حوکم دەگرنەدەست ڕێگا بەکەسیتر نادەن نزیکی بەرژەوەندیەکانیان ببێتەوە کە لەگەڵ سیاسەت و دەسەڵات وحوکومگەڕان تێکەڵبوون، هەروەها ئەوانە دەوروبەریشیان لە هەمان بەرژەوەندی تێوەگلاون و لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان هەموو شتێک دەکەنە گووری (قوربانی) تەنانەت بەرژەوەندی زۆرینەو هەروەها ئامانجە سەروەرو بڵندەکانیش، ئەو بەرژەوەندیەش بە هێزی پارە مۆنۆپۆل دەکرێت و هەوڵدەدرێت هێزی پارە لەپێناو مانەوەی ئەو دەستەیە بەکاربێت.

"زۆربەی ئۆلیگارکیەکان هێزی سەروەری حکومەتیان داوەتە دەست کەمینەیێکی مرۆڤ، زۆر جاریش جەدەل لەسەر ئەوە دەکرێ کە 'ئۆلیگارکی' شێوازێکی 'ئاریستوکراسیەتە'...کە بەشێوازێکی داخراو حاکمیەت دەکەوێتە دەست بنەماڵەیێک، یاخود کۆمەڵەکەسێک."[iii] بەڵام وەک ئاشکرا دەبێت کە جیاوازییان لەگەڵ یەک ئەوەیە کە 'ئۆرۆستوکراسیەت' لەرێگای نەوەوە دەمێنێتەوە لەکاتێک دا مەرج نییە 'ئۆلیگارکی' لەبنەماڵەکەدا بمێنێت بۆ نەوەکان هەروەها کەلتوری تایبەت بە 'ئۆرۆستۆکراسیەت' بەرپاناکات، حکومەتە 'ئۆلیگارکەکان' ناسراون وەک حکومەتی کەمینە یاخود حکومەتی نوخبەیەکی هەڵبژێردراو بۆیەش هەندێک روگەی فەلسەفی وای بۆ دەچن کە 'ئۆلیگارکی' لەئەنجامی دیمۆکراسیە درێژخایەنەکانیش دێتە کایەوە، کە حوکمەتی باشترین کەمایەتی نۆخبەیە. هەروەها جۆرەها شێوازی حکومەت هەن کە دەرفەت نییە لێرەدا بە تەفصیل باسی هەموویان بکرێت.

- **ئۆتۆکرات:**

حکومەتی 'ئۆتۆکرات Autocrat' تەنها ڕێچکەی تایبەتی تەسکی خۆی دەپارێزێت و بە ئاگرو ئاسن حوکوم دەکات کە لە بنەرەتەوە کاتێ لەدووڕیانەکەی پاش شۆڕش ڕێگای دیکتاتۆریەتی هەڵبژاردبوو چونکە نەیتوانیوە ڕەوایەتی دەستەڵات بداتەوە دەست میللەت، ئەو دووڕیانەی کە هەموو حزبێکی خەباتگەر تووشیدەبێت دووای سەرگرتنی شۆڕشەکەی، یان دەبێ دامودەزگای شۆڕشەکە هەڵوەشێنێتەوە وسەرلەنوێ

ریفۆرم بکات و ڕەوایەتی بداتەوە دەست میللەت، یاخود ڕێگا حەیاتەکەی! دیکتاتۆریەت بگرێتە بەر و بەئاگر وئاسن حوکم بکات چونکە دەبێتە حکومەتێک تەنها بەرژەوەندی چەندکەسێک دەپارێزێت وهیچ ڕێگاش بە تاک نادات هەناسەیێکی ئازادی هەڵکێشێت کە پێی وایە هەناسە دژی بەرژەوەندیی شۆڕشە!

- **دیموکراسی:**

دیمۆکراسی قۆناغێکی پێشکەوتووی پرۆسەی سیاسییە ، ئەگەر دەستە ت وەکو پرۆژە نەیگرێتە بەر و ئامادەکاری بۆ نەکات و میللەت رەوشەنبیرنەکات، ناتواذ بە ڕێچکەکەدا بڕوات و ناوی دیموکراسی لەخۆی بنێت چونکی دیموکراسی بە شەوێک ورۆژێک ئەنجامنادرێ. دیمۆکراسی خە تێک نییە خودا بە بەندەی خۆی ببەخشێ، بەڵکو پرۆسەیێکی درێژخایەنی سیستمە سیاسیەکەیە، بۆیە هەڵگرتنی ئارم ولۆگۆی دیمۆکراسی بەبێ خەباتی سیاسی، کۆمە یەتی و دیمۆکراسی ناهێنێتە دی.

مافی ئاخاڤتن و مافی دەنگدان ومافی یەکسانی هەل و مافی خەبات ومافی کەسایەتی سڤیل و مافی یاسایی وئابووری، ئەلەمێنتی سەرەکی پرۆسەی دیموکراسین، ئەگەر ئەو ئەلەمینتانە نەبنە ناوک و پێکهاتە سەرەکییەکانی دەستە تەکە کە خەباتی تازەی لەپێناودا بکات لەجیاتی خەباتە کۆنەکەی چەکدارییەوە ئەمە ئەوە دەگەیێذ کە دەستە تەکە بە لکەکەی تری دارلاستیکەکەدا دەڕوات و دەبێ بیگەڕێنینەوە سەر ڕێگا ڕاستەکەی، ئەگەر ئەو ڕاستکردنەوەیە شەڕیشی بووێ دەبێ هەربکرێت چونکە لەبەرژەوەندی گشتی ولە بەرژەوەندی باڵای میللەت دایە.

دیموکراسی کە واتای حوکمی جەماوەر دەدات شێوازێکی تری وەرگرتووە لەوەی جاران لە یۆنان هەبووە و ئێستا زیاتر چەمکی ئازادی بیروڕاو ئازادی مافەسڤیلەکان دەگرێتەوەو هەروەها پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی ڕۆژنامەگەی، حوکمی یاسا، کۆنترۆڵکردنی لەشکر لەلایەن سڤیلەوە بۆ ئەوەی ڕێگا لە عەسکەرتاریەت بگرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی سڤیل.

دیمۆکراسی وەکو چەمک ئاستێکی بەرزی سیستمە سیاسیەکانە و ئەگەر کات وشوێن بەیەکەوە ساز نەبن و چەمکەکە بە هەموو پرۆسەکانی گەشەکردنیدا تێپەڕنەبێت مەحاڵە بچەسپێت وبێتە دی. دەبێ هەموو قۆنەغەکانی پرۆسیسەکە ببڕین و بەهەموو جونگەکانیدا بڕۆین بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لەئەنجامی هۆشیاری و پێشکەوتنی میللەت و پرۆسە سیاسیەکەدا بڕۆین و کەس ناتواذ چەمکی دیمۆکراسی بەنیوە چڵی پراکتیز بکات، چونکە دیموکراسی دەبێتە حوکمی ئەغلەبیەت، ئەگەر هات و لەشوێنێکدا ئەغلەبیەتەکە نەزان وکۆلەوارین ئەوە بەئاسانی دەخاپێندرێن و نازانن نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن، بەڵکو بە ئەسیری چەند چەمکێکی ئاینی و خ ەکی دەمینین و دەبن بە بەندی هێزی 'فیودالیزم' کە تەنها دوایان دەخات و نای ت بگەنە قۆناغی 'بۆرژووا'، کەواتە دیمۆکراسی تەنها بۆ میللەتی ئاست بەرز دەستدەدات و لە شوێنی تر دەبێ حوکمی تر جێگیربێت، لەبەر ئەوەی **'مەرج نییە ڕای زۆرینە ڕایە ڕاستەکەبێت'**.

لەناو مللەتێکی نەزاندا کە خ ەکی و عەشیرەتگەری باوی زیاتر بێت، ئەغلەبیەتەکە دەنگ بە کابرایەکی عەشایری نەزانیش دەدات، چونکە سەرۆکی خ ەکەیە، لەبەرامبەر بەوەی ئەگەر هەڤرکەکانی باشترین مرۆڤیش بن و بڕوانامەی بەرزیشیان هەبێت یاخود دلسۆزبن و هەموو پەسەنەکانی سەرکردەیێکی سەرکەوتوییان تێدا بێت، خ ەکەکە هەر سەرۆک خ ەکە هەڵدەبژێرێت، بۆیە هەمیشە سیستمێکی 'مۆنارکی' مەلەکی بۆ کوردستان بەباشترین سیستم دەزانم، چونکی کورد وەکو نەتەوە ومیللەت قۆناغەکانی حەتمیەتی دیرۆکیان بە تەندروستی نەبڕیوە وهێشتان هەر لەناو قۆناغی فیودالیزمدا ماون ئەگەرچی جلی کوردیان بەقات گۆڕیوەو خ یان بە حزب گۆڕیوە، بە م ئێستاش هەر حزبایەتی بەخ ەکی بەڕێوەدەبەن و بەقاتەکەش وەکو جلی کوردی رەفتاردەکەن، ئەوەندەش نا م بۆ ئەوەی بەکەموکوڕی بیناسێنم، بەڵکو ڕاستیەکەمان وایە، بۆ شەرمی لێبکەین؟ دەبێ جاری یەکەم تەشخیصی بکەین ودوواتر چارەی بۆ بدۆزینەوە، زانامان، پرۆفیسۆرمان، سیاسیە مۆدێرنەکانمان، مامۆستامان، تەنانەت ئەوانەی ژیانی خۆیان لەدەرەوەی وڵات بردۆتە سەر و مرۆڤی مۆدێرنن، ئاغایێکیان لەناخدایە وناتوانن لێی ڕزگاربن، حەزدەکەن خەڵک لەبەریان هەڵستێتەوەو لەپێشی ئوتومبێل دابنیشن ولەدەرگاکان پێشبکەون، ئەگەر نەتوانین ئەو ئاغایە لەناخدا بکوژین، چیمان داوە لە سیستمی دیموکراسی وجمهوری، فیودالیزم زووتر دەبێتە مەلەکی لەوەی بەقۆناغەکانی تری حەتمیەتدا بڕوات، واتە فیودالیزم زووتر دەبێتە میرنشێن ومەلەکی لەوەی ببێتە بۆرژووا بۆرژوای بچوک

دروستکات چونکی بورژوا تەنها لەگەڵ شارستانیەت دێت و هەستی شارستانیەت جارێ لامان بەتەواوەتی گە لەی نەکردووە، ئێمە سەر بە خ ەکەین و پێمان شەرمە ب ین دەۆکین، یان هەولێرین..هتد بە م بەئاسانی دە ین دۆسکین مزورین، بەروارین، ریکانین، هەرکین..هتد.

- **مەلەکیەت**

ئەگەر مەلەکیەت بێت بەڕای من بۆ شوێنی وەکو ئێمە لەهەموو شتێک باشتردەبێت، چونکە دەتوانێت سوود لە هەردوو چەمک وەرگرێت، یەکەم چەمکی دیمۆکراسی و تەشکیل کردنی حکومەت و هەروەها میللەتەکەش بەرەو کارەسات ناچێت، بۆ نموونە ئەگەر میللەت کەسێکی نادروستی هەڵبژارد، ئەوە هێزی مەلیک وەک هێزێکی سەروەر بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێت و جگە لەمەش لەناو دورشین 'بلاط' مرۆڤی زانا و شارەزا نەوەی مەلیک لەبەرژەوەندی گشتیدا پەروەردەدەکەن و ئەو مەلیکەی دێت دەبێ پێش هەمووشتێک لە خوێندنگەی فەلسەفی دورشین دەرچووبێت و لەمنداڵیەوە بۆ ئەو ئەرکە نوێیە ئامادەکرابێت، ئەوەیان بێگومان لەکەسێک باشتر دەبێت کە لەبەر ف بازی وقسەخۆشی و لەخشتەبردنی میللەت هەڵبژێردرێت.

لەجیهانی ئەمرۆدا نزیکەی ٣١ مەلەکیەت هەیە کە لە زیاتر لە ٤٥ شوێندا حوکم دەکەن هەندێکیان بە راستەوخۆ و هەندێکیشیان بەناراستەوخۆ وەک ئوسترالیا و کەنەدا و دەولەتەکانی تری کۆمانویڵث، کە مەرج نییە هەموویان لە سەر خاکێکی بەیەکەوە گرێدراو بن، دەشێ هەریەکە لە کیشوەرێکی جیاواز بێت.

لە دێرزەمانەوە حکومەتەکان بە شێوەی جۆراو جۆر پێکهاتوون جاران لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی چەند خێزانێکی دەستە تدار یان خەباتگ ، فۆڕمی ئەوە دروستبووە کە حکومەتەکان بەگوێرەی ویستی تاکەکان پێکهاتوون، ئەو جۆرە حکومەتانەش یان 'مۆنارکی' مەلەکیەتی ل دروستبووەو یانیش بۆتە مایەی دروستبوونی حکومەتێکی بەهێزی 'ئۆلیگارکی' کە بەرژەوەندی چینێک یان کەمینەیێک دەپارێزێ.

- **ئۆتۆریتاریانیزم 'Authoritarianism'**

هەروەها 'Authoritarianism' ئۆتۆریتاریانیزم فۆرمێکە لە فۆرمەکانی درووستبوونی حکومەت کە سەربە دەستە تێیکی زۆری پێوەدیارە و دەستە ت هەمووجۆرە هێزێک بەکاردێنی بۆ ئەوەی تاکەکان ملکەچی بڕیارەکانی بن ئەگەرچی زوڵمیش بێت هەردەبێ پەیڕەوبکرێت و تاکیش لەو جۆرە دەستە تانەدا توشی "Submission" دەبێت کە شێوازێکی زەلیلی رازیبوونە بە ستەمەکە شێوازو چەندێتی ستەمەکە دەکاتە پێوەر بۆ هێزی دەستە ت، بۆیەش زۆرجار تاک پێی وایە ئەگەر دەستە تێکی تر بێتە سەر حوکم و دیمۆکراسی و مافی تاک بەرپابکات ی وایە هێزی نییەو ناتواند وەکو دەستە تدارە زۆردارەکەی پێشو حوکم بگ ت، بۆ نموونە وەکو ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ئەگەر 'صدام' لەسەر حوکم مابایە باشتربوو، چونکە ئەو دەیتوانی خە ەکەکە راگرێت و نەه ت کەس تەنانەت داوای مافەکانی خۆیشی بکات، وای لێدەکات تەنانەت بیر لە گۆڕانکاریش نەکاتەوە.

'ئۆتۆریتاریان' هاوڵاتیەکان بە گو ایە ی دەستە ت دەبیند و ناتواند لەدەرەوەی ئەو بازنەیە راییکی جیاواز ببینێت کە لەناو چەمکەکانی فەلسەفەی سیاسیدا وەدەردەکەون وەک مافی سڤیل و ئازادی تاک، بەکو زیاتر خەمی مانەوەی لەسەروی دەستە ت دەبێتە خەمە سەرەکیەکەی..هتد.

زۆربەی جاریش 'ئەنارکیزم' دەبێتە جێگۆڕی سیستمە 'ئۆتۆریتاریان' و سەرانسەر وڵاتەکە دەکەو تە ناو حاڵەتێکی فەوزا وتێبزربوون، ئەنارکیزم (Anarchism) واتە ب حاکمی و بڕوای تەواو بەوەی کە هەموو جۆرە حکومەتێک شتێکی هە ەیەو یاخیبوون دەبێتە ئەلەمینتی سەرەکی ئەو رووگەیە کە هەر جۆرە ئوردەرێکی ڕ هە ەیە و دەب هەرکەسە بەکەیفی خۆی رەفتاربکات وکەس هیچ شتێکی پێنەکات.

**ڕەوایەتی دەستە ت**

وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، حکومەتەکان ڕەوایەتی بە شێوەی جیاواز وەردەگرن و هەر جۆرە حکومەتێک ڕەوایەتی خۆی لەسەرچاوەیێکی تایبەت یان لە چەند جۆرێک سەرچاوە وەردەگرێ، بۆ نموونە ڕەوایەتی کە لە حکومەتە دیموکراسیەکاندا هەیە هە بەتە بە هەڵبژاردن هاتۆتە کایەوە و لە حوکمە مەلەکیەکان ڕەزامەندی میللەتە بە (Absolutism) حوکمی موطلەقی مەلیک وهەریەکە بەجۆرێک ڕەوایەتی وەردەگرێ، ثیوکراتەکان بەئەمری خۆدا خە ەکەکە دەخەنە ژێر دەستە ت وحکومەتی بازرگان بە پارە، بە م لەشۆڕشەکاندا، میللەت بە خوێن بۆی مۆردەکات کە نوێنەری خەباتە ڕەوایەکەییتی وپێویست بە هیچ جۆرە

ھەبژاردنێک ناکات، چونکە میللەت بەخوێن و سامان و ھەموو شتێکەوە مۆری کردووە، بە م ئەو مۆرکردنە مەودای تەنھا ھەتا سەرکەوتنی شۆڕش دەبێت، ھەرکاتێ شۆڕش سەریگرت ڕەوایەتی شۆڕشگێ ی باوی نامێنێ و دەبێ فۆرمەکەی بگۆڕدرێت، چ بە شۆڕشی سپی، پاکسازی و چاکسازی، یانیش بە گۆڕینی حزبەکە بۆ ئەوەی بتوانێت ئیستیعابی بویەرو بدەرە نوێیەکان بکات.

دەتوانین چەمکی دەستە ت وەکو دوو نموونە ببینین یەکەمیان: خولی ژیانی دارو درەخت، لەبەھار پەلک دانی دارەکە لەھەمووشتێک گرنگترە، ئەگەر ئەوەندە پەلکەی دا بتوانێت گوڵەکان بپارێزێ، ئەوسا پەلکەکان خۆیان دکەنە گووری (قوربانی) گوڵەکەو گوڵەکەش خیڤ دەبێت و خۆی دەکاتە گووری بۆ ئەوەی میوەی پێوەبێت، ئێمە لێرەدا ناتوانین ب ین: کامە گرنگترە، گە کە، گوڵەکە، یان میوەکە بەڵکو بێگومان ھەموویان ئەلیمێنتی گرنگی پرۆسەی بەرھەمھێنان؛ ھەروەھا خولی ژیانی زیندەوەرەکان، جاری یەکەم بەھێلکە دەستپێدەکات دواتر تروکاندنی دەبێتە کرمۆکە، وکرمۆکەی ناو قۆجاغەو زیندەوەری تەواو کۆتایەکەیێتی... ھیچکامیان ناتوانێ ب ێت من لە قۆناغی کرمۆکەیی دەمینێمەوە یان نامەوێ لەوقۆناغە دەرچم یان ڕێگا نادەم ھێلکەکە ببێتە زیندەوەرێکی پێگەییو کامل لەبەر ئەوەی قۆناغی ھێلکەیی بۆ من خۆشەو دەمەوێ ھەروا بمینێم، لەھەر قۆناغێکیشدا زیندەوەرەکە خۆشی بە قۆناغەکە دەبات تاوەکو تەواو دەبێت و ژیان ھەر وادەسوڕێت، ئەگەرحزبە دەستە تدارەکە ھەر بەڕیتمی شاخ لێی بخوڕێ ئەوە مانای ئەوەیە کە نایەوێ خۆی بتاوێنێتەوە لەفۆڕمێکی نوێدا کە فۆڕمە نوێیەکە شێوازێکی نوێی ئەوە ولێی نامۆ نییە بەڵکو بەردەوامییە بەخەباتی ئەو، ئەگەر نەیکا، دژی خۆی رادەوەستێ وخۆی دەبێتە مایەی پوچەبوون و خرشیی خۆی و تووشی ھە ەی مەزن دەبێت، چونکی دەیەوەێ دژی سروشتی سیاسی و دژی سوڕی ژیان بوەستێت، یانیش ھەر ژیانەکە بوەستێنێت، لەکاتی خولی ژیانی دارەکە یان زیندەوەرەکە ئەگەر یەکێک ھەوڵبدات ھێلکەکە لەناو ببات لەکاتی ھێلکایەتی، ئەوە کارێکی ناشەرعی دەکات و ھەموو دونیا دژی دەوەستێت، بە م ئەگەر قۆناغەکە دەربازبوو ئەو کاتە لێکردنەوەی ھێلکەکە و فرێدانی قەپێلک دەبێتە کارێکی ڕەوا.

**لە کاتی شۆڕش کردن ھەر کەسێک یان گروپێک دژایەتی حزبە شۆڕشگێ ەکە بکات دژایەتی ھەموو خەباتی میللەتەکە دەکات و ڕەوایەتی لەدەست دەدات، کە زوو ناوی بەخاین وخۆفرۆش لەقە ەمدەدرێ، بە م دوای سەرکەوتنی شۆڕش ودامەزراندنی حوکمی یاسا وداموەدزگا حاڵەتی ئوپۆزیسیۆن دەبێتە ئەلەمێنتێکی گرنگ و خە کەکەش بەناوی "خۆفرۆش و دژی میللەت" لەقە ەمیان نادات لەبەر ئەوەی دژی سیاسەتی حزبەکەن، بەڵکو لەوانەیە شرینتریان لێبێت چونکە لە ھەموو شوێنێک دەستە ت ناشرینە و خە ک بەبەردەوام خۆشی ناوێ.**

ئەگەر حزبە شۆڕشگێ ەکە لەدووای سەرکەوتنی شۆڕش نەیتوانی ریفۆڕم دروستبکات و گۆڕانکاری راستەقینە بخاتە ناو داموەدزگا ئیداریەکان 'لەبەر ھەر ھۆیەک'، بێگومان توشی شکست دێت و بڕواپێکردنی جەماوەر بە حزبەکە کەمدەبێتەوەو ھەر حکومەتێک توانای ئەوەی نەبێت گرفتە ناوخۆیەکان چارەبکات و بایەخ بە ویستی میللەت نەدات ئەوە بێگومان لاواز دەبێت و لاوازیش لەبەر ئەوە نییە کە حوکمدارەکە لاوازە، بەپێچەوانەوە ھەرچەندی بەھێزیشبێت ئەو گرفتانەی پ چارە ناکرێن ئەگەر سیستمێکی چاک و پلاندانانێکی چاکی نەبێت، ھەردەم حکومەتێکی لاواز دەبێت ئەگەر نەتوانێت میللەت بۆ خۆی راکێشێت و وا لەمیللەت بکات بەبێی ئەوەی دڕایەتی و زۆرداری بەکاربێنێت میللەت ملکەچی فەرمانەکانی بێت.

ئەگەر حکومەت میللەتی لەپشت نەبێت ناتوانێ بەترس و تۆقاندن بیانخاتە ژێر چەتری دەستە ت، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەترس و تۆقاندن خە ک لێی دەرەوێتەوەو لێی نامۆ دەبێت؛ ھەرئەوەندەشە میللەت لەدەستە ت نامۆبوو جارێکی تر لەگەڵیدا چاکنابێتەوەو ھیچ حکومەتێک بەلای کەمەوە لەسەر ئەو عەردە نەیتوانیوە حوکم بەبێی یارمەتی و ملکەچی وپشتگیری میللەت بەتەواوەتی بەڕێوەببات، ھیچ حکومەتێک ناتوانێت بۆ ھەر ھاوڵاتییەک ئوتومبێلێکی گلێش تەرخان بکات بۆ ئەوەی جادە پیس نەبێت وھیچ حکومەتێک ناتوانێت بۆ ھەر ھاوڵاتییەک پۆلیسێک تەرخانبکات بۆ ئەوەی ھە ەنەکات و ئەرکی ھیچ حکومەتێک ئەوە نییە تەمبە خانە دابنێ و موچە بداتە خە ک و بێکاری دەمامکدار درووستبکات.

ھە ەکردنی تاک، دەبێ لە ئەنجامی تەڤلیبوونی (أنتماء) تاکەکە نەکرێت و ھەستی بەھاوڵاتیبوونی لا بەرزببێتەوە، نەک لەبەر ترس وتۆقاندنی حکومەت وداروودەستەکەی، ھاوڵاتیەکە ھەموو گەڕەکەکە وھەموو شارەکە و ھەموو شارەکان و وڵاتەکە بەماڵی خۆی بزانێت، ئەگینا قەد ناکرێت. تەڤلیبوونیش بەخۆڕایی نایێتە

دی، دەبێ هاوڵاتی هەست بکات کە سیستمەکە بەرژەوەندیەکانی دەپارێزێت، دەبێ بەیارمەتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای سڤیل و رێکخراوە پیشەییەکان بەبێلایەنی ونەک سەر بەحزبەکان، هەوڵ بۆ دروستبوونی سەرخانی کۆمەڵ بدرێت، ئەگینا مەبەستەکەی ناگەیێنێت و جودایی لەنێوان لقێک ومەبەندێکی حزبی لەگەڵ یەکێتی نووسەران،سەندیکای رۆژنامەنووسان، کرێکاران، ماموستایان، خوێندکاران، قوتابیان نامێنێت، و ئەو رێکخرانوانەش دەبنە رەنگدانەوەی دەستەڵات وکارە بنەڕەتییەکەی خۆیان لەدەستدەدەن.

**دەبێ هاوڵاتی بزانێت و هەست بەوەبکات کە دەوڵەت و دامودەزگا موڵکی حکومەت و دەستەڵات نییە، بەڵکو دەستەڵات دەزگایێکە کارەکانی بەرێوەبردنی وڵات ئەنجامدەدات ورێکیاندەخات، جادەکان، شەقامەکان، چرایەکان، دامودەزگاکان، پۆلیس، لەشکر، دەزگای بەروبووم، پارەی نیشتیمان، سامان سامانی گشتیە، نەک هی حکومەتە، دەبێ بەهاوکاری حکومەت تاک ئەو چەمکانە دروستبکات، بۆ ئەوەی بە هی خۆی بزانێت نەک مولکی حکومەت، ئەگینا تاکەکە تووشی یاخیبووندەبێت و بەهەمووتوانای خۆی دژایەتییان دەکات، دەبێ سەرخانی کۆمەڵ هاریکاری ئەوەبێت کە ئەو هەستی تەڤلیبوونە لای تاک دروستکات بۆ ئەوەی تاک بتوانێ ببێتە تاکێکی بەکەڵک بۆ پرۆسەی دامەزراندنی ژێرخان (Infrastructure) کە تەنها بە سەرخانێکی کۆمەڵ یەتی پتەو دروستدەبێت. ( Base and Super Structure)** ، حکومەت ناتوانێ هەموو خەڵک خەڵات بکات و هەموو شتیان بۆ دابین بکات، بۆیە لاوازیەکەی زیاتر دەبێت و گلەیی خەڵک زۆرتردەبێت لەبەر نادادی کۆمەڵ یەتی و نادادی لە دابەشکردنی هەلی خوێندن و هەلی گوڕانکاری سیاسی وحوکم کردن.

لەئەنجامی ئەو زویربوونەو نامۆبوونی تاک لەدەستەڵات چینی رۆشەنبیریش لەدەستەڵات دووردەکەوێتەوە، جێگایان نابێتەوە، چەند دۆڵچی و چاوەش بەناوی رۆشەنبیر لەدەوروبەری دەستەڵات خڕدەبنەوە وکارە سەرەکیەکەیان دەبێتە ڕاوانی رۆشەنبیری راستەقینە و نەهێشتنی گەشەکردنی هەر هزرێکی نوێی جوان وئەفرێنەر؛ دەستەڵاتیش بەڕێنمایی کەسانی وا دەکەوێتە ناو پرۆسەی کپ کردنی دەنگی ئۆپۆزیسیۆن، بە (تەرهیب وتەرغیب) یان سیاسەتی 'دارو گێزەر'، وهەر رەخنەیەک لەحکومەت یان لەدەستەڵات بە خیانەتی مەزن ودژایەتی بەرژەوەندیی باڵای شۆڕش لەقەڵەمدەدرێت، بۆ ئەوەی سزایەکەی ئاسانتربێت، بەردەوامیدا بە هەمان خەبات و ریتمی خەبات وا لەدەستەڵات دەکات کە پێیوابێت: ئێستاش هەمان ڕەوایەتیی شاخی هەیە، بەڵام ناتوانێت بەناوی ئەو ڕەوایەتیە جارێکیتر حوکم بکات چونکە فۆڕمی گۆڕاوە، ئەو ڕەوایەتیەی کاتی خۆی میللەت پێی بەخشیبوون بۆ ئەوەی شەڕ لەپێناو ئامانجە نەتەوەییەکانی میللەت بکەن، بۆیەش لەکاتی شۆڕشدا رێگای هیچ ئۆپۆزیسیۆنێک نەدەما لەبەرئەوەی خزمەتی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی نەدەکرد، هەرکەسێکیش لەبەرامبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی میللەتی خۆی بوەستی، بەجاش وخۆفرۆش لەقەڵەمدەدرێ، بەڵام ئەو چەمکە لەکاتی بەڕێوەبردنی حکومەت و دامودەزگا فۆرمێکی تری هەیە، کە یەکێکە لە ئەلەمینتە گرنگەکانی هەر حکومەتێک، دەبێ دەنگی ئۆپۆزیسیۆن هەبێت وکەسیش ناویان بەجاش ودژی خەباتی میللەت نابات، چونکە دەبێتە ئەلەمنتێکی بنەرەتی بۆ هەبوونی ژیانی سیاسی وبەبێی ئۆپۆزیسیۆن هیچ حکومەتێک ناتوانێت بە نۆرماڵ کارەکانی بەڕێوەببات، تەنها دەستەڵاتە تۆتالیتاری و ئۆتۆکراتەکان نەبێت.

ئەرکی دامەزراندنی دامودەزگا لەئەرکە هەرە گرنگەکانی هەموو حکومەتێکە کە پرۆژەی بەرهەمهێنانی مرۆڤ بگرێتەبەر، **دەزگای بەروبوومی مرۆڤ گرنگتربێت لەدەزگای بەرهەمهێنان** و تەوزیفی سامانی بێگانە لەوڵاتەکەیان، دەبێ پرۆژەی دروستکردنی مرۆڤ لەئەولەویاتی حکومەتەکەبێت و هەموو دامودەزگاو توانای خۆی لەپێناو دروستکردنی مرۆڤ بخاتە گەڕ.

**بێگومان ئەو ئەرکە بۆ حزبەکانی کوردستان زۆر قورسترە لەمەسەلەی ریفۆڕم و گۆڕانکاری ئیداری وپاکسازی وچاکسازی، بەڵکو ئەرکە هەرەمەزنەکە سەرلەنوێ دامەزراندنی دامو دەزگایە، نەک نوژەنکردنەوەیان، چونکی لەدوای راپەڕین حزبەکان هاتنە سەر دامودەزگایێکی ئامادە کە جاران یاسادانەر و فەقیهە یاساییەکانی 'صدام' بۆ دام و دەزگای تایبەتی (حوکمی زاتی) دایانمەزراندبوون بۆ خزمەتی چەند ئامانجێکی تایبەتی رژێمی بەعس، بەڵام کاتێ حزبە کوردستانییەکان کەوتنە ناو سەنگی مەحەک و بدەرە سیاسیە جیاوازەکانەوە، سیستمە کۆنەکە لەبەردەم ویستە مەزنەکان نشوستی هێناو کەسێک تاکو ئێستا نەیتوانی سیستمە کۆنە پەککەوتەکە راستبکاتەوە یان سیستمێکی نوێ دابمەزرێنێ، سیستمەکە بەقەد باڵای ویست وخواستی حزبە کوردستانییەکان و ئیرادەی میللەتی کورد لەباشووردا نەبوو. بۆیەش**

**زۆرجاردەبینین گوتاری سیاسی سەرکردایەتی کوردستان لەگەڵ نەک هەر ویستوخواست دا نییە، بەکو پێڤاژی زۆر تێدایە وبێدەستە تی ناوەکی و دەرەکی نیشاندەدات، چونکە سیستمە کۆنەکە بەرگەی ئەو هەموو ویستانە ناگرێت و دواتر گرفتی تری لێدروست دەبێت کە لەبەردەم ئیدارەی کوردیدا دەبن بە کۆسپی نەڤۆ و کەس ناتواند چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، وەکو گەندە ی، بێنەخشەیی، نەزانینی دامەزراندنی پەیوەندیەکانی دەرەوە، نەزانینی رەفتارکردن لەگەڵ میدیا، پەیوەندی نێوان رۆشەنبیر و دەستە ت وزۆر شتی تر کە من وەکو ئەنجام دەیانبینم نەک هۆ، یان گرفتی بێگەرد.**

حزبە کوردیەکان لەشاخ و لە ناوەوە لەکاتی شۆڕش کەمتەرخەمییان لەخەبات نەکردووە و دەبێ هەمیشە بەبەرز بنرخێندرێ چونکی هۆی مانەوەمانن و ئەگەر ئەو خەباتە نەبووایە ئێمەش بەو شێوەیە رۆژە نەدەگەیشتین، بۆیە دەبێ ئەو رابردووە بپارێزین و چونکە رابردووە سەروەرەکە تەنها مولکی حزبەکان نییە بەکو کەلتورێکی دوورودرێژی هەموو میللەتەو بەشێکی گرنگی بیرەوەریەکانی مرۆڤی کوردە، بۆیە دەبێ ئەو هەموو سامانە سیاسیە بپارێزین هەروەک دەبێ سیمبولەکانی ئەو خەباتەش بپارێزین ونەهێلین تەنانەت حزبەکانیش زیانیان پێبگەیێنن، چونکی ئێستا لەکوردستان حزبە دەستە تدارەکان زیاتر زیان بە رابردووە پڕسەروەریەکەی میللەتی کورد دەگەیێنن لەوەی هەر دژمنێک هەوڵی بۆ دابێت. ئەوڕۆ لەبەر رەفتاری چەند کەسێک هەموو خەبات و سیمبوڵەکان Symbol کەوتوونەتە ژێر مەترسی، لەکاتی نەمانی دژمنەکە ئێستا زیاتر زیانی پێدەگەیێنن لەژێر کارتێکردنی دزی وگەندە ی و نەزانینی بەڕێوەبردن و بێ پلاندانان، سەروەریە مەزنەکانی کورد لەبەر چاوی خەک دەزڕێنن. هەبوونی سیمبوڵی نەتەوەیی، ئاینی، کۆمە یەتی بەشێکن لە هەبوونی مرۆڤ، بۆیە خەک پێی ناخۆشە ئەو سیمبوڵانە بەدەستی چەند کەسێک تێکبدرێن. ئەو نەوەی بەبێ سیمبوڵ وەرار دەکات نەوەیێکی خرش و پووچ دەبێت و نابێتە مایەی متمانەی هیچ پرۆسەیێکی دوارۆژی دەوڵەت .

## تێگەیشتنی دیاردەکان

دزیکردنی سامانی گشتی و گەندە ی تەنها لەنەزانینەوەدێت، بە پێچەوانەی ئەوەیە کە خەک تێیدەگات، چونکی هەرکەسێک تۆزقا ک عەقلی لە مێشکدا هەبێت نایکات، چونکە ئەو کارە زیانێکی یەکجار زۆر لەوەی کابرا تێیگەیشتووە بە بەهاو ئاکار دەگەیێنێ، مەسەلەکە ئەوە نییە کابرا دزی بکات یان گەندە ی و هەرئەوەندەیەو تەواو، نەخێر، تەنانەت بەرتیلدانیش، ئەوبەرتیلە بچووکەی کە هاوڵاتی بە فەرمانبەرێکی دەدات، گرفتی زۆر مەزنی لێدرووستدەبێت: بەرتیلی بچوک گرفتی مەزن دەنێتەوە، بە م بەرتیلی گەورە؟ خودا دەزانێ.

ئەگەر هاتو دەستە تێک رێنمایی ئەوەی نەکرد و سزای دزو جەردەکانی وەکیەک نەدا و حوکمی یاسای لەسەر هەموو تاکەکان نەکرد، ئەوە بێگومان لەنەزانینەوە دێت، نەزانینیش زۆر فۆرمی هەیە، راستە مرۆڤی بێکەک و بێ بەها وئاکار دەوروبەری دەستە ت دەگرن و بێگومان ناهێ ن هیچ مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەر ودلسۆز لەدەستە ت نزیکببێتەوە ئەگەر پێیان بکرێت، بەتایبەت حاکمی (رەها)؛ گەندە ەکان هەوڵدەدەن بیکەن بەحاکمی رەها و لەدەوروبەر بیترسێنن و وای لێدەکەن نەوێرێ بەتەنیا بگەڕێ و ناهێ ن خەک ببینێ و لە میللەتەکەی خۆی نزیکببێتەوە، کەلە بنەڕەتەوە لای میللەت خۆشەویستە. ناشزانن سەرکردەی سەرکەوتوو ئەوەنییە کە بەسەدان چەکدار پاسەوانی بێت، **بەکو سەرکردەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە پاسەوانی نەبێت و میللەت هەمووی پاسەوانی بکات، هەروەک هێزی حزبیش بەوە نییە کە ژمارەی چەکدارو ئەندامی زۆربێت بەکو حزبی بەهێز ئەوەیە کە ئەگەر هیچ چەکدار و ئەندامیشی نەبێت، بە م هەموو جەماوەری بێلایەن پشتگیری سیاسەتەکانی بکات.**

## ئەرکی دەستە ت لە پاراستنی بەهاو ئاکارەکان

هارمۆنی بەهەڤڕا ژیان و دروستکردنی نەوەی پاشەرۆژ وپاراستنی کەلتوور ودابونەریتە باشەکان لەپێناو دروستکردنی ئادێنتیتی (Identity) دامەزراندنی دەزگای بەروبوومی مرۆڤ بەناردنی قوتابیەکان بۆ دەرەوەو نەک کوڕە مەسؤول وئەوکەسانەی کە خەباتیان کردووە بەکو ئەو قوتابی وخوێندکارانەی کە بەفیعلی دەبنە سەرمایە بۆ وڵاتەکەیان. تێگەیشتنی ئەو چەمکە وەک خزمەتێکی نەتەوەیی با بۆ بەرهەمهێنان و

هێنانەوەی زانست و شارەزایی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و پاراستنی هەموو مافەکانی تاک بۆ ئەوەی هەست بە تەقلیبوون بکات، نابێ دەستە ت تەنها پەرە بە ویستە هەنوکەییەکان بدات و پرسە ستراتیجی و نەتەوەییەکان پشتگوێبخات.

هەر کەسێک وەکو تاک لەناو کۆمەڵگادا مافی ئەوەی هەیە بەکەرامەت بژی و بەکەرامەت نانێک بۆ ماڵ و منداڵی دابین بکات و تەنانەت گەشەو ڕشتیش بکات، حکومەت وەکو ڕێکخەرێکی سەروەر دەبێ ئەو خاڵە رەچاو بکات و دەبێ یارمەتی تاک بدات بۆ ئەوەی سەعیکردن لەدوای نانپەیداکردن و پارە لەپێناو کەرامەتدابێت و بۆ کەرامەت بێت و ڕێگای شەریف بۆ پەیداکردنی نانێک پەیدابکات، چونکی هەروەک "هیگل" بۆی دەچێت مرۆڤی خاوەن مولک بەکەرامەتترە لەوەی کە هیچی نەبێت، بە م ئەگەر هات و حکومەت ئەو هەلەی لەخەڵک داخست و بێکەرامەتیی کردە مەرجێکی سەرەکی بۆ پارە پەیدا کردن، مەبەستم؛ ئەگەر هە سەنگاندنی تاکی باش لەناو کۆمەڵ لەسەر بنەمای بێکەرامەتی بێت، ئەوە بێگومان تاکیش ئەو بێکەرامەتیە دەکاتە سیمبوڵی پەیداکردنی پارە و هە سەنگاندن لەسەر بنەمایی داهێنان و خۆ بەخشینی تاک نامینێت، بەڵکو بێکەرامەتی دەبێتە جێگۆڕی ئەو و تاک ئیبداع لەبێ کەرامەتیدا دەکات وڕێی باشتر دەدۆزێتەوە بۆ پەیداکردنی پارە و منداڵەکانیشی فێری بێکەرامەتی دەکات. ئەو مرۆڤانە بەهەرحاڵ ک بێت خۆیان دەگەیێننە دەوروبەری دەستە ت وخۆیان لەژێر پێی حاکمی رەها دادەنێن بۆ ئەوەی کارەکانی خۆیان بەتەواوەتی ئەنجام بدەن و نەهێ ن هیچ دەنگێکی دژی برژەوەندییەکانیان بگاتە دەستە ت. ئەو شێوە مرۆڤانە مرۆڤی بۆرن و لە میللەت و لەکۆمەڵگا وتەنانەت لەحکومەتەکەش نامۆن لەهەموو کات وساتێکدا هەن بە م تەنها لەو جۆرە ژینگانە زاوزێدەکەن وزیاد دەبن، سیستمی تۆتالیتاری ژینگەیێکی تەواو بۆ ژیانی مرۆڤە بۆرەکە پێکدێنێت کە دەوری هەموو دەستە تەکان دەگرن و وازی لێناهێنن هەتا کو لەخشتەی نەبەن دوواتر لەناوی دەبەن و هەرهەمان شت لەگەڵ دەستە تی دوای ئەو ودوای ئەویش دەکەن؛ دەستە تداریش فێردەبێت، فێری ئەوجۆرە پانکردنەوەو زمانە لوسەکەیان دەبێت و دەینکات بە پێوەرێکی سەررەکی بۆ هە سەنگاندنی خەڵک (کێ دلسۆزترە) چونکی دەستە ت شرینە و بەئاسانی دەستی لێبەرنادات، و هەرکەسێک پێی بڵێ 'نا'، یان تۆ هە ەیت، لەخانەی دژمنانی ئەزمونەکە لەقەڵەمدەدرێت، یانیش بەلایەنی کەمەوە لە مافە سڤیلەکانی بێبەشدەکرێت.

**یاساو مافی سڤیل**

هەروەک پێشتر گۆتم: یاسا ئەلەمێنتێکی گرنگی هەر حکومەتێکە، ئەگەر یاسا ومافی سڤیل نەبێت حکومەت ڕەوایەتی وەرناگرێت. هەبوونی یاسا شتێکی چاک دەبێت ئەگەر توانای پراکتیکی هەبێت، ئەگەر توانای پراکتیکی لەبەر هەر هۆیەک نەبێت، ئەوە نەبوونی باشترە، چونکە خەڵک فێری ئەوە دەبێت کە گوێ ایەڵی یاسا نەبێت و گوێ ایەڵی یاسا دەبێتە مایەی گەمژەیی و بێکەڵکی، ئەوسا خەڵک چاو لەوانە دەکات کە سەرووی یاسان، دەیانکەنە سوپەرمانی خۆیان وگرنگی تەنها بەوانە دەدەن کە لەسەرووی یاسان، ئەوسا خەڵک بەگشتی هەوڵ دەدات سیستمی یاسا تێکبدات بۆ ئەوەی ستەم لەسەرخۆی هەڵگرێ، چونکە ئەگەر یاسا تەنها لەسەر هەژار و ئەوانەی دوور لەدەستە تن پراکتیزە بکرێت، دەبێتە ستەم وخەڵکیش مافی ئەوەیان هەیە بەهەموو جۆرێک دژایەتی ستەم بکەن. یەک لە هەوڵە گرنگ و سەرەکیەکانی هەرحکومەتێک ئەوەیە کە بە کونتراکتەکەی نێوان دەستە ت و تاک، تاک فێری ئیلتیزام بکات. نەهێ ت تاک لەبەر تێکدانی ئەو کونتراکتە هەست بە نامۆیی بکات و لە دەستە ت نامۆببێت، چونکە نامۆبوونی تاک لەسیستم، دەبێتە مایەی خزینی تاک بۆ ناو قاڵبێکی خودپەرستی و دوواتر دژایەتیکردنی سیستمەکە؛ دەبێ هەمیشە حکومەت پاسەوانی کۆنتراکتەکەبێت و بە دابەشکردنی هەل و یەکسانی و دابەشکردنی سامانی گشتی بەسەر خەڵکدا ئەو کۆنتراکتەی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگا بپارێزیت، ئەگەر تاک بەتەواوەتی لەسیستمی حوکم نامۆبوو ئەوە دەبێتە مایەی دژایەتیکردن وحەزو ویستی تاک بۆ تێکدانی سیستمەکە، گرنگیش نییە سیستمەکە چی بەسەردێت یاخود کێ سیستمێکی نوێ دروستدەکات، لای ئەو وای لێدێت کە گرنگ ئەوەیە بگۆڕدرێ، ئەوسا رێگا خۆشدەکات بۆ دروستبوونی ئەنارکی (Anarchy) ودوواتر هاتنی ڕژێمێکی ترسناک کەدەبێتە مایەی سەراوبنکردنی شتەکان و روخانی بەهاو ئاکاری گشتی.

مەرج نیە جوانترین یاسا باشترین یاسابێت، بەکو باشترین یاسا ئەو یاسایە کە توانای پراکتیزکردنی هەیە، ئەگەر پراکتیزە نەکرێت، بێگومان باشترین یاسا نیە. **ئەگەر بەوردی سەیری چەمکی یاسا و داد بکەین و شیی بکەینەوە دەگەینە ئەوەی کە جیاوازی نێوان یاسا و ستەم زۆر نییە، چونکە یاساش بەدیدێکی جیاوازەوە جۆرە ستەمێکە، ئازادی خۆد زەوتدەکات بە م تاک بە هەبوونی ئەرێیە و بە حوکمەکەی رازییە بەمەرجی ئەوەی لەسەر هەمووان وەکهەڤی پڕاکتیزە بکرێت، واتا ئەگەر بە وەکهەڤی لەسەر هەموو کەسێک پڕاکتیزە نەکرێت، یاساش دەبێتە ستەم و لاسەنگی دەکەوێتە گشت سیستمەکە.**

## پێشکۆتایی

دەبێ بە عاقڵانە و بێلایەنانە بیر لەوە بکەینەوە کە قۆناغێکی سەختمان لەبەردا ماوە و پێویستە بیر لە پێکهێنانی حکومەتێکی لۆجیکی بکەینەوە، چونکە ئەوەی تاکو ئێستا هەمانبوو حکومەتی رێککەوتبوو، دەبێ لە دووارۆژدا بیر لەوەبکەینەوە کە کارەکان بەوجۆرە بەڕێوەناچن ودەبێ بەجیددی بیر لە دەرەوەی بازنەی دابەشکردنی دەستە ت لەنێوان حزبە دەستە تدارەکاندا بکەین، دەبێ بیر لەکۆنسێپتی ئۆپۆزیسیۆن بکەینەوە، چونکە هەتا ئێستا ئۆپۆزسیۆنێکی وڵاتپەروەر سەریهەنەداوەو حزبە دەستە تدارەکان ناتوانن بیر لە ئۆپۆزیسیۆن بکەنەوە لەبەر ئەوەی هێشتان خۆیان لە کەڤاڵی ئۆپۆزیسیۆنی عیراق دەرنەکردووە هیچ حکومەتێکیش پەیدا نەبووە کە ئۆپۆزیسیۆنی نەبێت بەلای کەمەوە لەسەر خرۆکەی ئەو زەمینە.

ناشبێ لەبیرمان بچێت کە کێشەکەمان هەر بەنیوەچڵی ماوەتەوە و دوای شۆڕشە درێژخایەنەکەمان ئێمە بەتەواوەتی رزگارنەبووین، چونکی ئەو نمونانەی سەرەوە هەموویان لەسەر میلەتێکی ئازاد لەخاکێکی ئازاد پڕاکتیزە دەبن، بە م ئێمەمانان جارێ بەشێکی زۆڵین لە شوێنێکی جیوگرافی کە ناوی عیراقە، بە م لەوەتی ئەو عیراقە دروستبووە وکوردستانی پێوە لکێندراوە سەروەری بەخۆیەوە نەبینیوەو پێشموایە نایبینێ، بۆیە تەنها هەر بەناو وڵاتە. ئەوەی لەنزیکەوە لەرۆژهە تی ناڤین بکۆ تەوە چاک دەزانێت بۆ دروستبوونی وڵاتێک ئا ونوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان بەس نییە بۆ ئەوەی بەشوێنێک ب ی وڵات، ئەگەر مافی هاوڵاتی لەگەڵ ئەرکدا نەخرێتە ناو چەمکی هاوکێشەی سۆسیۆپۆلیتیک و هاوڵاتی هەست بە تەڤلیبوون نەکات و خۆی بە بەشێک لەو هاوکێشەیە دانەنێت ئەوە بەو شوێنە ناگوترێ وڵات.

ئەگەر شۆڕشێک -هەرشۆڕشێک- سەریگرت و بە ئامانجەکانی گەیشت دەکەوێتە بەرامبەر بدەری سیاسی نوێ و تەنانەت حزبەکانیش کە خەباتەکەیان کردووە دەکەونە ناو فۆرمێکی نوێی خەبات، ئەوسا مەسەلەی ریفۆڕم و خۆنوێکردنەوە دەبێتە شتێکی گرنگ بۆ ئەوەی حزبەکە بتوانی بەرامبەر بە ئەرکەکانی بەرێوەبردنی دەوڵەت دامو دەزگا دابمەزرێنێ و کادیرە شۆڕشگ ەکانی بە تەکنوکرات و مرۆڤی شارەزا بگۆڕێتەوە ومیللەت فێری ئەوەبکات کە کێیە نوێنەرە راستەقینەکەی وک لەدووارۆژدا بۆ میللەت باشدەبێ، ئەگینا پرۆسێسی دیموکراسی هیچ واتاییێکی نامێنێ.

ئەگەر دیکتاتۆریەتەکە چەسپا و هێزی رەوایەتی لەمیللەت زەوتکرا، کارەکان زەحمەتتردەبن چونکە دەستە ت زۆرشرینە وبەئاسانی دەستییان لێبەرنادرێ، بۆیەش حزبەکان دووای شۆڕش پێیان غەدرە لەگەڵ کەسانی تر دەستە تەکە هاوبەشبکەن، چونکی حزبە دەستە تدارەکە پێی وایە دەستە ت خە تێکەو لە ئەنجامی خەباتە درێژخایەنەکەی پێی بەخشراوە، بۆیە لەلای زۆر بەزەحمەت دەبێت کە لایەنەکانی تر لەو خە تانەدا بەشداربکەن لەبەر ئەوەی پێی وایە بەقەد ئەو خەباتیان نەکردووە، یاخود شایستەی ئەو خە تە نین، لەکاتێکدا ئەگەر شتەکان هەمووی بەرێگای راستیاندا برۆن دەستە ت وەرگرتن و حوکم گ ان دەبێتە ئەرکێک نەک خە ت؛ مەگەر حزبە دەستە تدارەکە یاخود سەرکردە شۆڕشگ ەکە هۆشیاری و لەخۆبوردنێکی مەزنی هەبێت ووەکو 'نیلسۆن ماندیلا' بە ویستی خۆی تەنازولی لێبکات و ئەوەش بەدەگمەن دەکرێت.

## پێشنیار وچارە

- پێوەیستە حزبە دەستە تدارەکان پێداچونەوەیێکی دراماتیکی بە پلانی رێکخستنی خۆیاندا بکەن و بەگوێرەی بارودۆخی نوێ، شێواز وەرگرن، ئەو شێواز وەرگرتنەش لەوانەیە پێویستی بەوە بێت حزبەکە ناوی بگۆڕێت یان خۆی حەل کات یان لەناو حزبێکی نوێدا بتوێتەوەو هەرهەمان بەها وئاکارە کۆنەکان بەشێوازێکی نوێ بپارێزێت.

- سەرکردەکان بەتایبەت لە مەنسیبە سەروەرەکان هێزو توانای خۆیان ووردکەنەوەو شێوە لامەرکەزیەتێکی ناوخۆیی بەرپابکەن ودەوری حاکمی رەها وەرنەگرن، بۆ ئەوەی کاربەدەست بتوانێت بەتوانا و بەرپرسایەتی خۆییان بەرامبەر بە میللەت ودیرۆک رابوەستن، چونکە 'سەددام' نەماوە و هەروەها شەڕی ناوخۆش نابێتەوە.
- سەرکردەکان شێوازێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە بۆ ئەوەی دەنگی تاک /هاوڵاتی بەبێگەردی پێیان بگات وپشت بە یەک سەرچاوەی هەواڵ نەبەستنەوە، چونکی لەوانەیە ئەو سەرچاوەیە گەندە بێت، یانیش لەدووارۆژدا گەندە ببێت. دەبێ میللەتی خۆیان بە دایرێکت ببینن بەبێ راسپاردن و تەزکیەی لایەنێک، چونکە میللەتەکە بەوانەوە وابەستەیە.
- دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ رێکخستنی کاری بەرپرسەکان و نەهێشتنی بەکارهێنانی دەستە ت بۆ کاری کەسایەتی و زەنگینبوون، هاوسەنگی دابەشکردنی سامان دەبێ بە یاسایێکی تایبەت دابێ ژردرێ و کاری پێکرێ. وگوێ بەوە نەدرێ کێ زوێردەبێت، چونکە دۆڕاندنی چەندکەسێ وبردنەوەی هەموو میللەت باشترە لەوەی چەند کەسێک لەدەوروبەریان بێت و هەموو میللەت لێیان زوێربێت.

## کۆتایی: (دۆڕاندنی دارودەست، بردنەوەی میللەتی بەدوواوەدێ)

---


[i] McKay, John P.; Bennett D. Hill, John Buckler (1996). *A History of World Societies*. Houghton Mifflin Company

. Miller, George A.; Christiane Fellbaum, and Randee Tengi, and Pamela Wakefield, and Rajesh Poddar, and Helen Langone, and Benjamin Haskell (2006).

Word Net Search 3.0. *Word Net a lexical database for the English language*. Princeton University/Cognitive Science Laboratory /221 Nassau St./ Princeton, NJ 08542. Retrieved on 2007-11-10.

[ii] http://an.wikepedia.org/wiki/Government

[iii] Ostwald, M. *Oligarchia: The Development of a Constitutional Form in Ancient Greece (*Historia *Einzelschirften; 144)*. Stuttgart: Steiner, 2000

- Jean-Jacques Rousseau. the social contract and discourses.Everyman, J.M Dent. London.
- Aristotle, the Politics, Penguin, Clasical